سوره 1: الفاتحة

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿1﴾

سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگاری جیهانەکان.

الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ ﴿2﴾

بەخشندەی میهرەبانە

مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴿3﴾

خاوەن و سەرداری ڕۆژی سزاو پاداشت و قیامەتە

إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿4﴾

خوایە تەنیا هەر تۆ دەپەرستین و تەنها داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکەین.

اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ ﴿5﴾

خوایە ڕێنموییمان بفەرموو بۆ ڕێبازی ڕاست و دروست.

صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴿6﴾

ڕێبازی ئەوانەی کە نازو نیعمەت و بەهرەوەرت کردون. نەك ڕێبازی ئەو چەواشە بوانەی کە خەشم و قینت لێ گرتون و سەرگەردان و گومڕا بوون.*

*(له فەرمودەیەکی قودسیدا خوای گەورە دەفەرموێت: من نوێژم لەنێوان خۆم و بەندەی خۆم دابەش کردووە (مەبەستیشی سورەتی فاتیحەیە کە بەشێکی سەرەکی نوێژە): کاتێك کە ئیماندار دەڵێت الحمدلله رب العالمین خوا دەفەرموێت: ئەوەتە بەندەم سوپاس و ستایشم دەکات، کاتێك کە دەڵێت: الرحمن الرحیم، خوا دەفەرموێت: ئەوەتا بەندەم ستایش و وەسفم دەکات، کاتێك کە دەڵێت: ایاك نعبد وایاك نستعین، خوا دەفەرموێت: بەندەم ڕاست دەکات ئەوەتا هەر من دەپەرستێت و هەر من بە پشتیوان دەزانێت، کاتێك کە ئایەتی 7،6 دەخوێنێت، خوا دەفەرموێت: ئەوە بۆ بەندەم هەرچی داواش بکات پێی دەبەخشم).